# ئەو كارانەی ڕێژەیان لە دەستوور لادەدەن

د. ئەوڕەحمان حاجی مارف

(بەشی کوردی - کۆلێجی پەروەردە - زانکۆی بەغدا)

لە زمـانی کوردیـدا کاری (هـەبوون، ویستن، چوون، هاتن، زانین، کارن)... لە هەندێ ڕووی وشەسازی‌یەوە لە دەستووری گشتی لادەدەن:

## (هەبوون):

(هـەبوون) چاوگێکی لێکـدراوە و لە دوو مۆرفیمی ڕیشەیی Root (morpheme ی (هە)و (بوون) پێکهاتووە.

هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی (هە)یان بە پێشگر داناوە[1].

لە ڕێی دوو بەڵگەی زانستی‌یەوە، پێشگر نەبوونی (هە) ڕەت دەکەینەوە:

١- (هـ) پێشگر نی‌یە، چونکە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا دەبینین، بە تەنیا بەکاردەهێنرێ‌و جێناوی لکاوی دەخرێتە سەرو واتای تەواو دەگەیەنێ:

هەم، هەیت، هەیە، هەین، هەن، هەن

ئەهلێکی وای هەیە کە هەمەئەهلی دانشن

هەمْ ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری ئوموور

(نالی، ١٨٤)

چەند کەسانێ هەن لەگەنجی وەتەن

کە شەویان لێ‌هات هەر قومار ئەکەن

(بێ‌کەس، ل ٩٢)

بەڵام ئەم تایبـەتێتی‌یـە لە کرۆکی پێشگـردا نی‌یـەو (ڕام.. ڕاین..

٢- لەزمـانـە ئێـرانی‌یـەکـۆن و نوێکـان و گەلێ لەزمـانـە هیندۆ ئەورووپایی‌یە کاندا، بەهەمان شێوەی ئەمڕۆی کوردی، یان بەشێوەیێکی یەکجار نێزیك لێوەی دەبینرێ.

ئەم کارە لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا خاوەنی ڕەگی (هـ) بووە، کە لە (ئەهـ)ی فارسیی کۆنەوە وەرگیراوە. کاری یاریدەدەری خاوەن ڕەگی (هـ) کردارێکی ناتەواو بوو و تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای ڕێژەی ئیخباری‌و ڕێژەی ئینشائی هەبوو. بەوێنە کاتی ئێستای ڕێژەی ئیخباری بەم چەشنە بوو:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| ١- کەسی یەکەم | هەم | هێم |
| ٢- کەسی دووەم | هێ (هـ) | هێت |
| ٣- کەسی سێیەم | هەست | هەند |

پاپەك ڕاب پوسی‌ێ هەست (پاپەك کوڕی هەیە). ئان ئەفزار کێ هەست ئوت بووت ئوت ێێت (ئـەو هێـزە کەوا هەیـە، بووەو دەبێ). فۆرمی کەسی سێیەمی تاکی حاڵەتی نەرێنیی ڕێژەی ئیخباری دەبێتە (نێست):

کێ فترشن نێست (ئەوەی کە کۆتایی نی‌یە)[2]...

لەزمانی‌بلووجیدا فۆرمی تەواوی ئەوکارە (ئەست)ەو بەجیا بەکاردێ. بۆ نموونە:

دست ك چیٚ زەرریو سوٚریٚ ئەست (بینیم لەویٚ چەند زێر و پارە هەیە).

ئەوەش نموونەی گەردان کردنی:

١- گەردانی فوٚرمی تەواوی کاتی ئێستا

تاك

| دیالێکتی ڕوٚژئاوا | دیالێکتی ڕوٚژهەلاٚت |
|---|---|
| ١- ئەستان، هەستا | ئەستان |
| ئەستون | کوٚ |

| دیالێکتی ڕوٚژئاوا | دیالێکتی ڕوٚژهەلاٚت |
|---|---|
| ئەستن، هەستن | ئەستوون |
| ئەستەن | |
| ٢- ئەستیٚ، هەستیٚ، | ئەستیٚ ئەستت، ئەستیٚ، ئەستیٚ |
| ئەستەی هەستت، هەستیٚ، ئەستیٚ | |
| ٣- ئەست، ئەستنت، ئەستیٚن هەستەنت، هەستەن، ئەستانت، | |
| ئەستن، هەست، ئەستەن ئەستان، ئەستەن | |
| هەستنت، هەستن. | |

٢- گەردانی کاتی ڕابوردووی:

| تاك | کوٚ |
|---|---|
| ١- ئەستەیەن | ئەستەیوون |
| ٢- ئەستەییٚ | ئەستەییٚ |
| ٣- ئەستەی، ئەستە | ئەستەیەنت، ئەستەیەن |

لە زمـانی فارسیی نوێـدا (هـست)ەو لە زمـانی ڕووسیشـدا (یەست)ە.. لە زمانی ئەڵەمانیدا **(haben)** و لە ئیسپانیدا **(haber)** ە.[٤]

(هـەبوون) لە زمانی کوردیدا بە دوو واتا دێت: یەك- (بوون- وجود): دوو- (خاوەنێتی- تملك). لەباری یەکەمدا- واتە کاتیٚ بە مانای وجود دێت تێنەپەرە، بەلاٚم کاتیٚ واتـای خاوەنێتی دەگەیەنیٚ تێپەرە. ئەم تێنەپەڕیوتێپەڕیەشی چ لە پیوەندیدا بە بەرکارەوەو چ لە وەرگرتنی جێناوی لکاودا دەردەکەویٚ.

## - باری ئەرێتی -

-١-

## ڕێژەی ئیخباری

### ١- کاتی ڕانەبوردوو

| (بوون- وجود) | | (خاوەنێتی- تملك) | | |
|---|---|---|---|---|
| ئێستا | ئایندە | ئێستا | ئایندە | |
| هەم | ⊗ | هەمە | دەمبیٚ | دەمبێت |
| هەین | | هەمانە | دەمانبیٚ | دەمانبێت |
| ...[٥] | | | | |

### ٢- کاتی ڕابوردوو

| | |
|---|---|
| ا- ڕابوردووی نزیك | ڕابوردووی نزیك |
| هەبووم | هەم بوو |
| هەبووین | هەمان بوو |
| ....[٦] | |
| ب- ڕابوردووی بەردەوام | ڕابوردووی بەردەوام |
| ∅ | هەم دەبوو |
| | هەمان دەبوو |
| | .... |
| جـ- ڕابوردووی تەواو | ڕابوردووی تەواو |
| هەبووم hebûwim | هەم بووە hembuwe |
| هەبووین hebûwîn | هەمان بووە hemanbuwe |
| | .... |
| د- ڕابوردووی دوور | ڕابوردووی دوور |
| هەبووبووم | هەم بوو بوو |
| هەبووبووین | هەمان بوو بوو |
| ... | |

-٢-

## ڕێژەی ئینشائی

### ١- کاتی ڕانەبوردوو

| (بوون- وجود) | (خاوەنێتی- تملك) |
|---|---|
| هەبم | هەمبیٚ |
| هەبین | هەمانبیٚ |
| ....[٧] | |

## ٢- کاتی ڕابوردوو

| | | | |
|---|---|---|---|
| أ- نزیك | هەبووبام<br>هەبووباین<br>... | هەم بووبایە<br>یاخود<br>هەمان بووبایە | هەم بوایە<br>هەمان بوایە |
| ب- بەردەوام | ∅ | هەم دەبووبایە<br>یاخود<br>هەمان دەبووبایە | هەم دەبوایە<br>هەمان دەبوایە |
| ج- تەواو | هەبووبامایە<br>هەبووباینایە | هەبوومایە<br>یاخود<br>هەبووباینان | هەم بووبایە<br>یاخود<br>هەمان بووبایە | 
| | | | هەم بوایە<br>هەمان بوایە |
| د- بەردەوام | هەبووبووبامایە<br>یاخود<br>هەبووبووباینایە | هەبووبوومایە<br>هەبووبووینایە | |
| | هەم بووبووبایە<br>یاخود<br>هەمان بووبووبایە | هەم بوو بووایە<br>هەمان بوو بووایە | |

## -٣- ڕێژەی داخوازی

| (بوون - وجود) | (خاوەنێتی - تملك) |
|---|---|
| هەبە<br>هەبن<br>... | هەتبێ<br>هەتانێ |

# باری نەرێتی

## ١
## ڕێژەی ئیخباری

| | (بوون - وجود) | (خاوەنێتی - تملك) |
|---|---|---|
| ١- کاتی ڕانەبوردوو | نیم<br>نین ..[8] | نیمە<br>نیمانە |
| أ- نزیك | نەبووم<br>نەبووین<br>...[9] | نەم بوو<br>نەمان بوو |

| ٢- کاتی ڕابوردوو | | |
|---|---|---|
| ب- بەردەوام | نەدەبووم<br>نەدەبووین<br>.... | نەم دەبوو<br>نەمان دەبوو |
| ج- تەواو | نەبوومە<br>نەبووینە | نەمان بووە |
| د- دوور | نەبووبووم<br>نەبووبووین | نەم بووبوو<br>نەمان بووبوو |

## -٢-
## ڕێژەی ئینشائی

| | (بوون - وجود) | (خاوەنێتی - تملك) | |
|---|---|---|---|
| ١- کاتی ڕانەبوردوو | نەبم<br>نەبین<br>....[11] | نەمبێ<br>نەمانێ | |

| ٢- کاتی ڕابوردوو | | | |
|---|---|---|---|
| أ- نزیك | نەبووبام<br>نەبووباین | نەم بووبایە<br>یاخو<br>نەمان بووبایە | نەم بوایە<br>نەمان بوایە |
| ب- بەردەوام | ∅ | نەم دەبووبایە<br>یاخود<br>نەمان دەبووبایە | نەم دەبوایە<br>نەمان دەبوایە |
| ج- تەواو | نەبووبامایە<br>نەبووباینایە | نەمبووبایە<br>یاخود<br>نەمان بووبایە | نەم بوایە<br>نەمان بوایە |
| | نەبووبوومایە<br>نەبووبووینایە | نەم بووبووبایە<br>یاخود<br>نەمان بووبووبایە | نەم بووبوایە<br>نەمان بووبوایە |

۳

## ڕێژەی داخوازی

| (بوون - وجود) | (خاوەنێتی- تملك) |
| --- | --- |
| مەبە | نەتبێ |
| مەبن | نەتانبێ |

تێبینی:

ا- (هەبوون) لەباری ئەرێتی‌دا:

۱- لە کاتی ئێستاو ئایندەی (بوون - وجود)و ئێستای (خاوەنێتی- تملك)ی ڕێژەی ئیخباریدا نیشانەی (دە) وەرناگرێت و دەوترێت: (هەم... هەین)؛ (هەمە... هەمانە)و ناوترێ (دەهەم.. دەهەین)؛ (دەهەمە.. دەهەمانە)، بەڵام لە کاتی ئایندەی خاوەنێتی‌دا (دە) بەکاردێ‌و ئەویش بە تێچوونی (هە): (دەمبێ/ دەمبێت... دەمانبێ دەمانبێت)

هەردوو ڕانەبوردووی ڕێژەی ئینشائی وجودو خاوەنێتی نیشانەی (ب)ی ئینشائی‌یان لەگەڵدا ناوترێ‌و دەوترێ: (هەبم... هەبین)؛ (هەمبێ... هەمانبێ).

ڕێژەی داخوازیی (وجود)یش و (تملك) یشی (هەبوون) نیشانەی (ب)ی داخوازی‌یان لەگەڵ ناوترێ‌و دەوترەی: (هەبە... هەبن)؛ هەتبێ.. هەتبن).

۲- لە ڕانەبوردووی (ئێستاو ئایندە)ی ڕێژەی ئیخباریی حاڵەتی وجودیش و خاوەنێتی‌یشدا هیچ ئەسەرێکی مۆرفیمی دووەمی وشەکە نامێنێ، واتە (ب)ی ڕەگی (بوون)، کە دەبوو لە پێکهاتەکەدا بەشدار بێ، نی‌یە.

۳- یاسای گشتیی وەرگرتنی جێناوی کەسی لکاو بۆ کاتی ڕانەبوردووی تێنەپەڕیش و تێپەڕیش، ڕێژەی ئیخباریش و ڕێژەی ئینشائیش، هەر جۆری بێ‌هێزە - واتە دەستەی (م،ی،.. ،ین،ن،ن)ە.. ئەگەرچی (هەبوون)ی وجود بەپێی یاسا جێناوی لکاوی جۆری بێ‌هێزی دەچێتەسەر، کەچی (هەبوون)ی خاوەنێتی جێناوی لکاوی جۆری بەهێز وەردەگرێ - واتە دەستەی (م، ت، ی، مان، تان، یان)ی پێوە دەلکێ. ڕێژەی داخوازیی (هەبوون)ی خاوەنێتی بە هەمان چەشن لە جیاتی ئەوەی دەستەی بێ‌هێزی جێناوی کەسی لکاو وەربگرێ، دەستەی بەهێزی دەچێتە سەر.

٤- بەپێی دەستوور دەبوو کاتی ڕانەبوردووی (هەبوون)ی (وجود)یش و خاوەنێتی‌یش بەم چەشنە بێ:

| ڕێژەی ئیخباری | ڕێژەی ئینشائی | ڕێژەی داخوازی |
| --- | --- | --- |
| هەدەبم | هەبیم | هەبە |
| هەدەبین | هەبین | هەبن |

٥- چاوگی (هەبوون)ی ڕێژەی ئیخباریش و ئینشائیش، کە بەواتای وجود دێت، کاتی ڕابوردووی بەردەوامی لێ‌پەیدا نابێ.

ب- (هەبوون) لەباری نەرێتی‌دا:

۱- لەگشت حاڵەتێکی نەرێتی‌ی (هەبوون)دا، چ بە مانای وجودو چ بە واتای خاوەنێتی؛ چ ڕێژەی ئیخباری‌و چ ئینشائی‌و چ داخوازی؛ ڕانەبوردوو بێ یان ڕابوردوو.. (هە) تێ‌دەچێت.

۲- بەپێی یاسای گۆڕوە ی نەرێنیی زمانی کوردی، نەرێتیی کاری (هەبوون) لە کاتی ڕانەبوردووی ڕێژەی ئیخباریدا، دەبوو لە هەردوو حاڵەتی وجودیش و خاوەنێتی‌یشدا: (هەنابم.. هەنابین) بێت، کەچی هەردوو مۆرفیمی (هە)و (بوون) تێچوون و (ا)ی (نا)ش بووە بە (ی)و دەوترێ (نیم.. نین)؛ (نیمە.. نیمانە).

۳- لە کاتی ڕانەبوردووی ڕێژەی ئینشائی‌دا لە هەردوو باری وجودو خاوەنێتی دا تەنیا (هە) تێ‌دەچێ‌و (ب)ی ڕەگی (بوون) بەشداری دەکاو (نە)ش وەك دەستووری گشتی خۆی دەنوێنێ‌و دەوترێ (نەبم... نەبین)؛ (نەمبێ.. نەمانبێ).

٤- لە کاتی ڕانەبوردووی ڕێژەی ئیخباری‌و ئینشائی‌و، ڕێژەی داخوازیشدا، دەمێ (هەبوون) بە واتای خاوەنێتی دێت، لەبریتی ئەوەی بەپێی یاسا جێناوی کەسی لکاوی دەستەی بێ‌هێز وەربگرن، کەچی جێناوی کەسی لکاوی دەستەی بەهێزیان دەچێتەسەر.

٥- تاکە جیاوازیی ڕێژەی ئیخباری‌و ئینشائی کرداری (هەبوون) بە هەردوو باری وجودو خاوەنێتی‌یەوە، لەگەڵ یاسای گشتیی نەرێتیی سەرجەمی جۆرە کارێکی ڕابوردوودا تێچوونی (هە)یە.

٦- لە کاتی ڕانەبوردوو و هەر چوار جۆری ڕابوردووی ڕێژەی ئیخباری‌و ئینشائی‌دا و هەروەها هەموو حاڵەتێکی ڕێژەی داخوازیدا، دەمێ

(هەبوون) ماناى وجود دەگەیەنێ، لە وەرگرتنی جێناوی لکاودا لە یاسا لادەدەن ـ واتە لە سەرپاکی ئەو دۆخانەدا جێناوی کەسیی لکاوی بێهێزیان دەچێتە سەر.

٧ـ لە ڕێژەی داخوازیدا ئامرازی (مە) و(نە) لە یاسا دەرنەچوون.

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا (هەیین)و (هەبوون) هەیە. مامۆستا قەناتی کوردۆ دەڵێ: فۆرمی (هەیین) دێرینترەو لە ڕووی ڕەگەزەوە پێوەندی بە کاری یاریدەدەری هەست (ەن)ی زمانانی ئێرانیی دێرینەوە هەیە[12].

کاری (هەیین) تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای هەیەو بۆ پەیدابوونی کاتی ڕابوردوو (هە)ی بنەمای لەگەڵ کرداری (بوون) ـ (لە «بووین»ەوە) یەك دەگرن و فۆرمی (هەبوون) پێك دێنن[13]. (هەبوون) لە ڕووی کاتەوە فۆرمی ڕانەبوردوو و ڕابوردووی هەیە، لە ڕووی ڕێژەوە خاوەنی فۆرمی ئیخباریو ئینشائیو داخوازییە. هەرچی (هەیین)ە لەگەڵ ئەوەدا، کە تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای هەیە، بەبێ نیشانەی (د/دە)ی موزارەعەتیش گەردان دەگرێ.[14]

هەردوو کردار (هەیین)و (هەبوون) بە دوو جۆر بەکاردێنرێن: ١ـ وەك کردارێکی تەواو؛ ٢ـ وەك کرداری یاریدەدەر لەحاڵەتی یەکەمدا لەگەڵ (هە)ی بنەمایاندا گەردان دەکرێن، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا بەبێ (هە)[15].

وەك وتمان کرداری (هەیین) تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای هەیەو ئەم فۆرمەش لە بنەمای (هە)و جێناوی کەسیی لکاو پێك دێ:

ئەز هەمە
تو هەیی
ئەو هەیە[16]

ئەم
هوون ― هەنە[17]
ئەوان

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا هەموو فۆرمەکانی کاری (هەبوون) بەتەواوی وەك کرمانجیی خواروو‌ە.

چەند نموونەیێك:

● کاتی ڕابوردووی نزیکی ڕێژەی ئیخباری

ئەز هەبووم
تو هەبووی
ئەو هەبوو[18]

ئەم
هوون ― هەبوون[19]
ئەوان

● کاتی ڕابوردووی ڕێژەی ئینشائی

ئەز هەبووما
تو هەبوویای
ئەو هەبوویا

ئەم
هوون ― هەبوونا
ئەوان

● ڕێژەی داخوازی

هەبە
ـهەبن

لە فۆرمی نەرێنیشدا، ئەگەرچی کەمێ جیاوازی لە نێوان دوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کوردیدا دەبینرێ، بەڵام ئەو جیاوازییە، نەبووەتە هۆی لەیەك پچڕانی ئەو دۆخەی زمانی کوردی.

وەك وتمان (هەیین) تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای هەیەو ئەمەش شێوەی نەرێنییەتی:

نەرێنیی ئەم حاڵەتە ئامرازی (نی)و (تونە) دەری‌دەبڕن، کە شوێنی (هە) دەگرنەوە:

ئەز نینم
تو نینی
ئەو نینە[20]

ئەم
هوون ― نینن[21]
ئەوان

ئەز تونەمە
تو تونەیی
ئەو تونەیە

ئەم
هوون ― تونەنە[22]
ئەوان

لەم بارەدا هەندێ جار ئامرازی (نە)ش بەکاردێنرێ[23]، بەڵام وەك (نی)و (تونە) شوێنی (هە) ناگرێتەوە:

ئەز نەهەمە
تو نەهەیی
ئەو نەهەیە

ئەم
هوون ― نە هەنە
ئەوان

ئەرێنیی کاتی ڕابـوردووی ڕێـژەی ئیخبـاری و ڕێـژەی ئینشـائی و هەروەها ڕێژەی داخوازی بە یاریدەی (تونە، نی، نە) سازدەبێ:

| ڕێژەی ئیخباری | ڕێژەی ئینشائی | ڕێژەی داخوازی |
| --- | --- | --- |
| تونە بووم[34] | تونە بووما | تونەبە، تونەبن |
| نی‌بووم[35] | نی‌بووما | |
| نەهەبووم | نەهەبووما | نەهەبە، نەهەبن |

کاری (هـەبـوون) چۆن لە دیـالێکتی خوارووی کوردیـدا دوو جۆر گەردان ـ واتـە گەردانی تێـنـەپەڕ و گەردانی تێپەڕی هەیە، لە دیالێکتی کرمـانجیی ژووروویشدا بە هەمـان چەشن لەتـەک گەردانی تێنەپەڕدا، گەردانـی تێـپـەڕیشی هەیـە . لە گەردانی تێـنـەپـەڕدا وەک لێی دواین جیـاوازی‌یێکی ئەوتـۆ لە نێـوان ئەو دوو دیـالێکتە سەرەکی‌یەی کوردی‌دا نی‌یـە . هەرچی جیـاوازیی گەردانی تێپـەڕە، ئەوەیە کە وەک هەمـوو کارێکی دی تێپەڕ، کاتی ڕابوردووی لە دیالێکتی خوارووا بە یاریدەی جێنـاوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم ـ واتە پەهێزەکان ـ دەردەبڕێن، بەڵام لە دیـالێکتی ژووروودا بە دوو ڕێگـادا دەڕۆن: ١ـ ئەگـەر لە ڕستـەدا بەرکـار هەبێ، ئەو دەمــە جێنــاوە لکـاوەکـانی دەستـەی دووەم ـ واتـە بێهێـزەکـان ـ دێنە کۆتایی کردارەکە، ٢ـ ئینجا لە ڕستەدا بەرکارنەبێ، ئەو دەمــە جێنــاوی لکـاوپەیـدا نابێ و کردارەکـە لە یەک فۆرمـدا بۆ هەمـوو کەسـەکانی ژمارەی تاک و کۆ دەبینرێ.

**

(هەبوون)ی وجود لە بەشە دیالێکتی هەوراماندا لە شێوەی

وەهەنا ـ هەم

هەنی[36] ـ هەیت

هەن، [37] هەنە ـ هەیە

هەنمێ ـ هەین

هەندێ ـ هەن

هەنێ ـ هەن[38]دا خۆی دەنوێنێ و، بە واتای خاوەنێتی‌یش قاڵبی:

وەهەنمە ـ هەمە

هەنت ـ هەتە

هەنش ـ هەیەتی

هەنما ـ هەمانە

هەنتا ـ هەتانە

هەنشا ـ هەیانە[39] وردەگرێ.

لە ناوچەی سنەو مەهابادو کرماشان دەبێتە:

| وجود | خاوەنێتی |
| --- | --- |
| هەم | هەسم |
| هەیت | هەست |
| هەس | هەسی |
| هەین | هەسمان |
| هەن | هەستان |
| هەن | هەسیان[30] |

لە شێوەی لوڕیدا:

| وجود | خاوەنێتی |
| --- | --- |
| هیسەم | |
| هیسی | |
| هێ | |
| هێسەم | |
| هێسید | |
| هێسەن[31] | |

لە زمانی فارسیی نوێشدا:

| وجود | خاوەنێتی |
| --- | --- |
| هستم | من دارم |
| هستی | تو داری |
| هست | او دارد |
| هستیم | ما داریم |
| هستید | شما دارید |
| هستند | انها دارند |

* * *

chalakmuhamad@gmail.com

لە نێوان مۆرفیمی (هە)ی خاوەنێتیو جێناوی هەیی (هی)دا[٣١]، لە ڕووی فۆرمیش و ناوەڕۆکیشەوە وێکچوون و نێزیکی بەدی دەکرێ.

لەباری فۆرمەوە جیاوازییان تەنیا لە بزوێنی (ە)و (ی)دایەو لە زمانی کوردیشدا گۆڕینەوەی ئەو بزوێنانە بەیەکتر یاسایێکی باوە.

هەرچی مەسەلەی ناوەڕۆکە، ئەوەیە هەردووکیان واتای خاوەنێتی دەگەیەنن بەوێنە.

من مالْم هەیە: ئەو مالْە هی منە

م هەیە — هی منە

ئیمە مالْمان هەبوو: ئەو مالْە هی ئیمە بوو

مان هەبوو: — هی ئیمە بوو

ئەو ئەلْێ بەخوا نایدەم هیی منە
ئەم ئەلْێ ڕابورد، دەستت بەم گونە

(بێکەس، ل٩٢)

**

(ویستن):

ئەم کارەش وەك کاری (هەبوون)ی خاوەنێتی، کە لە گەردانی کاتی ڕانەبوردوودا جێناوی کەسیی لکاو وەردەگرێ، لە سەرجەمی کارەکانی دی زمانی کوردی جیادەبێتەوە ـ واتە لەبریتی ئەوەی جێناوی جۆری بێهێز (م، ی، ، ین، ن، ن)ی پێوە بلکێ، کەچی جێناوی جۆری بەهێزی (م، ت، ی، مان، تان، یان)ی دەچێتە سەر.[٣٣]

| ڕانەبوردووی ئیخباری | ڕانەبوردووی ئینشائی |
| --- | --- |
| دەمەوێ | بمەوێ |
| دەمانەوێ | بمانەوێ |

بەپێی دەستوور دەبوو بوترێ

| | |
| --- | --- |
| دەوێم | بوێم |
| دەوێین | بوێین |

**

(چوون):

(چوون) کارێکی تێنەپەڕە و لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا جگە لە ڕێژەی داخوازی، کە دەبێتە (بچۆ)، دەنا سەرجەمی کاتەکانی ڕێژەی ئیخباریو ئینشائی بە تەواوی بەپێی دەستووری گشتی گەردان دەکرێن. بەلام لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بۆپێکهێنانی فۆرمی ئەرێتیی کاتی ئایندەی ڕێژەی ئیخباریو ئینشائیو فۆرمی داخوازی (هەڕ) دەبێتە بنەما. هەرچی فۆرمی ئەرێنتی ئەو حالەتانەو گشت کاتێکی ڕابوردوویەتی، بەپێی دەستوور دەڕوا و لە (چوون)ەوە[٣٤] وەردەگیرێ:

* کاتی ئایندەی ڕێژەی ئیخباری

ئەزێ هەڕم
توێ هەڕی
ئەوێ هەڕە
ئەمێ
هوونێ — هەڕن[٣٥]
ئەوانەیە

* کاتی ئایندەی ڕێژەی ئینشائی

ئەگەر ئەز هەڕم
ئەگەر تو هەڕی
ئەگەر ئەو هەڕە
ئەگەر ئەم
ئەگەر هوون — هەڕن
ئەگەر ئەو(ان)

ڕێژەی داخوازی
هەڕە[٣٦]
هەڕن
. . .[٣٧]

***

(هاتن):

کاری (هاتن)، کە ڕەگەکەی (هێ)یەو لە زوربەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی کوردیدا بەر یاسای کورت کردنەوە کەوتووەو بووە بە (ێ)، لە دوو ڕووەوە لە دەستوور لادەدات:

١ـ بەتایبەتی لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، لە کاتی ڕانەبوردوودا (د)ی نیشانەی موزارەعەتی دەبێ بە (ت):

ئەز تێم
تو تێی
ئەو تێ
ئەم
هوون — تێن[٣٨]
ئەوان

٢ـ لە هەردوو دیالێکتە سەرکییەکەی کوردیدا ڕێژەی داخوازی لە

بنەمای (وەر)ەوە سازدەبێ:

کرمانجیی خواردوو　کرمانجیی ژووروو

وەرە[39]　وەرە[40]

وەرن　وەر ن

**

(زانین)و (کارن)[4]:

ئەم دوو کارە تێپەرە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە دوو ڕووەوە لە دەستووری گشتی لادەدەن:

١- فۆرمی ڕابوردووی تەواویان نی‌یە:

ڕابوردووی نزیك - من زانی

ڕابوردووی بەردەوام - من دزانی

ڕابوردووی دوور - من زانبوو

ڕابوردووی تەواو - ∅

٢- لە گشت کارەکانی زمانی کوردیدا تەنیا ئەم دوو کارە دەشێ حاڵەتی نەرێتی‌یان بە یاریدەی (ن - ni) پێك بهێنرێ:

ئەز　نزانم

ئە:　نکارم

. . ئەز نزانم من هند دیت دەرکەهـ هاتە ڤەکرن

(خالید حسەین، ل٨٩)

سەبری گۆت: «ئاپێ ئەم نکارن ب وی چەمێرا دەربازبین... »

(کوردۆ، ل١٧٢)

پەراوێزەکان:

١- بەوێنە، بڕوانە: نووری عەلی ئەمین، چاوگی (بوون)و (هەبوون) لە زمانی کوردی‌دا، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ١٩، بەغدا، ١٩٨٧، ل ٢٢٩-٢٥٦.

٢- ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا، زمانی فارسیی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل ١٠٣-١٠٦.

٣- ڤ. ئا. فورۆلۆڤا، زمانی بلووجی، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل ٤٣-٤٤.

٤- عومەر دزەیی، بەراوردکردنێکی (ڕابوردووی تەواو)ی کوردی لەگەڵ (Perfect)ی زمانە ئەورووپاییەکان، گۆڤاری «کاروان»، ژ٢٤، تەیلوولی ١٩٨٤، ل٥.

٥- . زۆر ئەحواڵێکی خراپ و ناخۆشم هەیە لە خەومات ل ٢٩.

٦- بە باغچەی پاشادا ورد گەڕام، خوار و ژوور،

زەرد هەبوو، بۆم چنیت؛ چنگ نەکەوت گوڵی سوور، (گۆران، ل١٧)

٧- عارەق و پارە لە هەردوو گەر سەر و ڕوبەم هەبێ

چیمە ئیتر من بەسەر ئەڵمان و ڕووس و چیکەوە (بێکەس، ل ١٣٧)

٨- لە تەنیایی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە

نی‌یە دەستێ، دەرمێنێ. لەناو ئەم گۆڕە وێرانە

(هەردی، ل ٧٩)

٩- ڕۆژ نەبوو چاوم بە دیدار

شادنەبێ، نەسرەوێ ئازار

(گۆران، ل ٢١)

١٠- چ مشت و پەنجە؟ وەکو مشتی شانە ڕەق کە دەڵێ

لە شانێدا ئەبوو بە دەست ویردی کوشت و گیر

(نالی، ل ٢١١)

١١- یاخوا کافریش نەبێ بە جەستەم

وێڵ و سەرگەردان بێ‌تین و خەستەم

(بێکەس، ل٧٨)

١٢- ق. کوردۆییڤ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل ٢١٠.

١٣- ق. کوردۆییڤ، دەستووری زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل ١٩٨.

١٤- سەرچاوەی ناوبراو، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی...)، ل ٢١٠

١٥- سەرچاوەی ناوبراو، دەستووری ڕێزمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل ١٩٩.

١٦- گاڤا کالان ژ مەرە دگۆتن د بەحرێ و جەنەوەرەك هەیە، میناهسپانە. من گۆت: «دەرەوە»! منە باوەڕنەدکر گۆتنا وان کالانە!

(مەمێ ئالان، ل٤٣)

١٧- هەردوو ماعسر . . کو نزان بوون کەڤر، کۆچك ل سەر ریێا وان هەنە، یان نا. .

(کوردۆ، ل ٣٦)

١٨- دناڤ وان خۆرتان دە یەکی دن هەبوو،

(مەمێ ئالان، ل ٤٢)

مەرڤەك هەبوو، ناڤێ وی عەلی مەمەد بوو.

(کوردۆ، ل ٣٣)

١٩- . . دارێت کەڤنار هند لوا گەلیا هەبوون . .

(خالید حسەین، ل ٤٩)

٢٠- ژنکێ گوتێ: زەحمەت نینە، هەرە جنکا ژناڤ بوخچکێ بینەدەر.

(خالید حسەین، ل ٢٣)

٢١- داخا دلێ من دەوا چو نینن

ژ وەجهێ کرمێ توهەر دەوا باش

(پەرتویێ هەکاری، ل ١٣٥)

٢١- . . چما بێ مینا تە ڤەت ئیدا تونەنە . .

(کوردۆ، ل ٤٤)

٢٣ـ ق. کوردۆییڤ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل ٢١٠.

٢٤ـ وەختەکی هەبوو تونەبوو، نێچیرڤانەك هەبوو. ئاڤێ‌وی نێچیرڤانی میرزە مەموود بوو. کەسەکی وی تونەبوو.

(کوردۆ، ل ٨١)

ب خوەستنا خودێ زارۆیێد وان تونەبوون.

(کوردۆ، ل ٣٣)

٢٥ـ کەیفا وی خوەش نی‌بوو...

(کوردۆ، ل ٣٧)

٢٦ـ غەیرەز ماهو مەعلووم عامەن

ئاسمان هەنێ فەضڵێ تۆ کامەن

(میرزا ئۆلقادر، ل ١٦٢)

٢٧ـ نە ئارامێ هەن، نەهۆ قەرارێ

جەی شار بەرەمشان، هەرۆ هەزارێ

(صەیدی، ل ٢١٤)

خاستەر مەدینەی مونەوەرم هەن

من حوجرەی حەرەم پڕ گەوهەرم هەن

(میرزا ئۆلقادر، ل ١٧٠)

٢٨ـ محەممەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، بەغدا، ١٩٨١، ل ١٩٩؛ دکتر ابراهیم پور، دستور زبان کردی، تهران؟، ل ٤٣-٤٤.

٢٩ـ هەمان سەرچاوە، زاری زمانی کوردی.. ل ١٩٧

٣٠ـ سەرچاوەی پێشوو، دستور زبان کردی، ل ٣٨-٣٩.

٣١ـ حەمەسەعید ئیزەد پەناهـ، فەرهەنگی لەك و لور (لیەدوان و بەراوردکردنی: مەحموود زامدار)، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٢٢٧.

٣٢ـ بۆ باسی جێناوی هەیی (هی)، بڕوانە: ل ٢٧٨-٢٨٠ی بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی کتێبی «ڕێزمانی کوردی»ی د. ئەورەحمان

٣٣ـ لە زمانی کوردیدا تەنیا ئەو دوو کردارە - واتە (هەبوون)ی خاوەنێتی و (ویستن) لە گەردانی کاتی ڕانەبوردوویاندا بە شێوەیێکی بێزۆك جێناوی کەسی لکاو وەردەگرن.

٣٤ـ .. قەسابچی چوو مالا خوە..

(کوردۆ، ل ١٦٦)

ئەو قەسابچی بەر ب خەزنێ چوون.

(کوردۆ، ل١٦٨)

٣٥ـ گاڤا خوەدێ کر و قەدەر، ئەمێ هەرن، توێ بیی بووك وئەز زاڤانە.

(مەمێ ئالان، ل ١١٣)

٣٦ـ پاشێ تو هەرە گازی قەسابچی بکە.

(کوردۆ، ل ١٦٦)

٣٧ـ شایانی باسە، مامۆستا قەناتی کوردۆ پەنجەی بۆ بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانە ڕاکێشاوە (بڕوانە: ق. کوردۆییڤ، دەستووری زمانی کوردی «بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو»، مۆسکۆ ١٩٧٨، ل ٢٢١-٢٢٢.

٣٨ـ سەد نیلێ وە تێن و دەدەرن قەلبێ مە

پێ ئاحسەهێن قولزەم دەریایم ئەز

(حزیری، ل ٢١٧)

٣٩ـ جۆبارە، لالەزارە، وەرە سەر چەمم، وتی:

ئاشووبە ئەم بەهارە، بوە سەیری چەم حەرام

(مەحوی ،، ل ٢١٢)

٤٠ پەرتو وەرە گوهدە لێ نصیحە ت

(أما) ژ دل و جان ب (دقت)

(پەرتویێ هەکاری، ل٣٧)

٤١ـ کارن = توانین

سەرچاوە:

١ـ دکتر ابراهیم پور، دستور زبان کردی، تهران؟

٢ـ حەمەسەعید ئیزەد پەناهـ، فەرهەنگی لەك و لور (لیەدوان و بەراوردکردنی: مەحموود زامدار)، بەغدا، ١٩٧٨.

٣ـ ف. س ڕاستۆرگویڤا، زمانی فارسیی ناوەراست، مۆسکۆ، ١٩٦٦.

٤ـ عومەر دزەیی، بەراوردکردنێکی (ڕابوردووی تەواو)ی کوردی لەگەڵ (Perfect)ی زمانە ئەوروپاییەکان، گۆڤاری «کاروان»، ژ ٢٤، ئەیلوولی ١٩٨٤، ل ٥.

٥ـ ف. ئا. فورۆلۆڤا، زمانی بلووجی، مۆسکۆ، ١٩٦٠

٦ـ ق. کوردۆییڤ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٨.

٧ـ ق. کوردۆییڤ، دەستووری زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧.

٨ـ محەممەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، بەغدا، ١٩٨١.

٩ـ نووری عەلی ئەمین، چاوگی (بوون) و (هەبوون) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری «ڕەوشنبیری نوێ»، ژ١٩، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٢٢٩-٢٥٦.